HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

تواناسازی ئافرەت، لای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

د.ڤیان سلێمان

تواناسازی پەرەپێدانی تواناکانە، تواناکانی تاک و دامەزراوە و کۆمەڵگە، کە دواجار هەر تاک مەبەست و ئامانجە، چونکە ئەوە تاکە کە هەر ڕێکخراو و دامەزراوە و کۆمەڵگەیەک پێکدەهێنێ و تواناکانی تاکە کە هەریەکە لەوانە پێش دەخات. تواناسازی لەهەر دامەزراوەیەکدا ڕاهێنان و پەروەردەکردنی وزە مرۆییەکەی دامەزراوەکەیە بۆ توانادارکردن و زیادکردنی لێزانی و لەئەستۆگرتنی ئەرک و کارەکان بەشێوەیەکی کاراتر. بەڵام تواناسازی ئافرەت هەوڵدانە بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانا فیزیکی و جەستەیی، ئەقڵ و ژیری، هەست و ڕوحییەکانی ئافرەت لە پێناو ئازادکردنی لە ستەمێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسی. گەڕاندنەوەی مافەکانی بڕیاردان، خاوەنێتی، هاوبەشی و شەراکەتی هاوسەنگە بۆی وەک تاکێکی مرۆڤ لە تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری وسیاسی کۆمەڵگەکەی.

تواناسازی ئافرەت بەرزکردنی پێگە ودوبارە پێناسە کردنێتی وەک مرۆڤ بەدەر لە سیما و ڕواڵەتە جەستەییەکەی. توانادارکردنێتی بۆ دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژییەکانی کە مەبەستیەتی لە ژیانیدا پێی بگات. هەروەها خۆی لە گۆڕانکاری جۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو دەبینێتەوە بە ئاڕاستەی پێگەیاندن وبەهێزکردنی بۆ ڕاستکردنەوەی چەمک و باوەڕە هەڵەکان ونەهێشتنی هەژموونی پیاو لەسەر خۆی وەک خاوەن و گۆڕینی بە پەیوەندی هاوسەنگی هاوبەشی و شەراکەت لە ژیانی هاوژینیدا.

تواناسازی ئافرەت لەسەر ئاستی جیهان گرنگی پێدەدرێت و جێی بایەخی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمە دیموکراسییەکانە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە سۆنگەی لەبەرچاوگرتنی گرنگی تواناسازی و پێویستی تواناسازی سەرچاوەی مرۆیی وەک پێشمەرجی سەرکەوتن و پێشڤەچوون، لە دوایین کۆنگرەی خۆی لە ئەیلولی٢٠١٨ تواناسازی ئافرەتی کردە بنەمای سەرەکی گشت ئامانجەکانی، هاوکات یەکێک لە بەشەکانی بەو ناوە و بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد. تواناسازی لای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وێڕای ئەوەی وەک پرۆسەیەکی گشتگیر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لابردنی ئاستەنگەکان لەپێش تواناکانی ئافرەت و پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی جێندەری مەبەست و داوای سەرەکیمانە، لەسەر ئاستی ڕێکخراوەییش خۆی لە لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە و لە چەندین بواری جیاواز کاری لەسەر دەکرێت، تەوەری یەکەم تواناسازی خودی کادرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە و تەوەری دووەمیش تواناسازی ئافرەتانە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووە مەعریفی، ڕوحی و پیشەییەوە.

یەکێتی ئافرەتان گرنگییەکی زۆر بە سەرچاوە مرۆییەکەی خۆی دەدات و لە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵی پێگەیاندنی کادرانی لە بواری تایبەتمەندی کاری ڕێکخراوەکە و بوارە گرنگەکانی دیکە دەدات، ئامانج لەم پرۆسەیە پەرەپێدانی توانا مرۆیی و پیشەییەکانی کادر و زیادکردنی ئاگاییانە لە بواری پرسی ئافرەت و ڕەهەندەکانی ئەم پرسە و سەرچاوەکانی ستەمی سەر ئافرەت و فێمێنیزم وەک تیۆر و وەک بزووتنەوە و جێندەرناسی و کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی گشتی، هاوکات بۆئەوەی کادرانی بەئاگا و تێگەیشتوو بن لە پرسە سیاسی و کولتووری و مێژووییەکان، ئەمەش لەبەرئەوەی بە توانا و لێزانی ئەو سەرچاوە مرۆییە ڕاهێنراو و پێگەیشتووە ڕێکخراوەکە بگەیەنرێتە ئاستێکی بەرز لە پێشکەوتن و دامەزراوەیی و جەماوەریبوون، بەشێوەیەک کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت لەسەر ڕای گشتی ئافرەتان و لەو ئاستەشدا بێت کە خواست و داواکارییەکانیان بسەپێنێت. هاوکات هەر ئەو سەرچاوە مرۆییە دوای قۆناغی کاری ڕێکخراوەییان بتوانن ڕۆڵی سەرکردە ببینن و متمانە بە توانایان بکرێ و ئەرک و بەرپرسیاریەتییان لە هەموو ئاستەکانی پلە و دەسەڵات پێ بسپێردرێت.

> تواناسازی لای ئێمە تەنها توانادارى سیاسی و ئابووری و زانستی نییە، بەڵکو تواناسازی مەعنەوییە لەهەمانکاتدا، وەک بنەمایەکی نەگۆڕی پلانی کارمان؛ وانە و سیمیناری هۆشیاری و ڕۆشنبیری لای ڕێکخراوەکەمان هاوکاتی ئەنجامدانی هەر خولێکی پیشەیییە، بڕوای تەواومان بەوە هەیە بۆ ئەوەی ئافرەت سەرکەوتوو بێت، دەبێت متمانەی بەخۆی بەهێز بێ و توانای بڕیاردانی لە ژیانی خۆی هەبێت

تەوەری دووەمی تواناسازی لای یەکێتی ئافرەتان تواناسازی ئافرەتانە بەشێوەیەکی گشتی، کە لە چەندین بواردا پێڕەو دەکرێت، لە هەمانکات هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی ژیانی ئافرەت لەخۆدەگرێت، تواناسازی لای ئێمە تەنها توانادارى سیاسی و ئابووری و زانستی نییە، بەڵکو تواناسازی مەعنەوییە لەهەمانکاتدا، وەک بنەمایەکی نەگۆڕی پلانی کارمان؛ وانە و سیمیناری هۆشیاری و ڕۆشنبیری لای ڕێکخراوەکەمان هاوکاتی ئەنجامدانی هەر خولێکی پیشەیییە، بڕوای تەواومان بەوە هەیە بۆ ئەوەی ئافرەت سەرکەوتوو بێت، دەبێت متمانەی بەخۆی بەهێز بێ و توانای بڕیاردانی لە ژیانی خۆی هەبێت، تەنها لە ساڵی٢٠٢١ لەلایەن بەشی تواناسازی ڕێکخراوەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان زیاتر لە"٩٩٢" چالاکی بۆ ئافرەتانی کوردستان ئەنجام دراوە، کە خۆی لە کردنەوەی خولی پیشەیی جۆراوجۆر هاوکات بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پێشکەشکردنی سیمینار لە بوارە جیاجیاکان دەبینێتەوە. لەو پرۆسەیەدا هەزاران ئافرەت سودمەند بوون، جیا لەوەش چەندین پلان و پرۆژەمان بۆ مەبەستی تواناسازی ئافرەتان هەیە، وەک تواناسازی ئافرەتانی بەرکەوتووی توندوتیژی و توانادارکردنی ئافرەت لە بواری سیاسی و ئامادەکردنی کادری ئافرەت بۆ گێڕانی ڕۆڵی کاریگەر لە کایەی سیاسیدا. ئەم پرۆسەیە بەردەوامی پێ دەدەین و هەوڵەکانمان چڕ کردووە و ساڵی٢٠٢٢ بە ساڵی تواناسازی ناو کردووە . بە هیوای جێبەجێبوونی تەواوی پلانی ئەم ساڵەمان و بەشدارپێکردنی زۆرترین ژمارەی ئافرەتان و سوودمەندبوونیان لە کار و پرۆژەکانمان.



بڕیاردان لای ئافرەتان

لەیلا بەرزنجی *

زۆرێک لە ئافرەتان لەبڕیاردانا هانا بۆ کەسانی تردەبەن، چونکە ئەو ئازادیەیان بۆ فەراهەم نەکراوە لەبڕیارداندا ئەومافەیان پێنەدراوە لەسەرەتای بونیان بەوهۆیەشەوە دوودڵ دەبن، چونکە ترسی هەیە ئەو بڕیارەی دەیدات بەشێوەیەک لەشێوەکان نەتوانێت بیباتەسەر یاخود بەزەرەری ئەو کۆتایی بێت هەرکات ئەمە ڕوویدا سەرزەنشت دەکرێ و دەکەوێتە ژێر گوشارەوە لەبەر ئەم هۆکارە بڕیاردان بۆ ئەو کارێکی ئێجگار سەختە، لەچواردەورومان بەوجۆرە ئافرەتیان ڕاهێناوە ئەگەر پیاوەکان هەڵەش بکەن بەقەدەر هەڵەی ئافرەتەکان سەنگی نابێت واتە بەوشێوەیە کەسێک نیە بەوان بڵێت هەڵەت کرد .

ڕیچارد تیمپلەر دەڵێت : چ شتێک دڵی تۆ کەمەندێش کردووە؟ چ شتێکی تایبەتت لەهاوژینەکەدا بەدی کردوە؟ وای لێکردوی ڕەخنەبگری و هێرش بکەی؟

هەندێکجار دەست تێوەردانی زیاد لەڕادە دەبێتە هۆی تێکچوونی دەرونی و نەخۆشی جەستەیی لە ئافرەتدا، لەزەر هەندێ ناکرێت وەک ئالەت تەماشای بکەی و کۆنترۆڵی لەدەستی تۆبێت دەبێت سەربەست بژی و ماڤەکانی پارێزراوبێت، چونکە ئەگەر هاتوو هەرکام لەمانە بونی نەبوو ئەوە لاسەنگی دروست دەبێت و دەبێتە قوربانی دەستی قوربانیەک. ئێستا سەیری ئەوانە بکە کە لەچواردەورتن زۆر دوور مەڕۆ هەر لەخێزانەکەی خۆت لەخزمەکانت کام لەمانەی دەیانناسی بەگرنگەوە بەئافرەت دەڕوانن، زۆرێک لە ئافرەتان لەلایەن هاوسەریانەوە تۆق کراون، بازنەیەکیان بۆ کێشاوە وەک سنور بۆی نییە لەوبازنەیە زیاتر هەنگاوبنێ هەرچەندە ئەگەر تواناکانی ئەو زۆر لەو سنورەزیاتربێت کەبۆی دیاری کراوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پەرژین هەیە دەرچون لەو واتە دەرچون لەژیان .

وەک دەبینین زۆرێک لەئافرەتان وەک کالایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ هەرچەندە ئەو ژیانەشی بەدڵ نییە، بەڵام دەبێت ڕازیبێت چونکە ئافرەت کاتێک شکست دێنێ لەو ژیانەی کەهەڵیبژارد ناوێک و ناتۆرەیەکی دەکەوێتەسەر لەدوای ئەوە هەموو هەنگاوەکانی بەژماردەیە هەموو کارێک کەبیەوێ بیکات دەبێت چواردەور بڕیاریان لەسەردابێت ئەوکات بەبوون و نەبوون ئەو دەبێت ڕازیبێت. ئیتر ئاوایە لەناو ئەوکۆمەڵگایە بۆی نییە هەنگاوێک بنێ ئەگەرهاتوو بەدوای ئارەزووەکانی کەوت ئەوکات لەهەموولایەکەوە بۆی ئیتر هەرکەسەو بەویستوو ئارەزووەکانی خۆی، من دەڵێم ئەوەی دینەکەت بۆیداناوی ئەوەبکە لەوەدڵنیادەبیت کەکارەکەت هەڵەی تێدانییە.

ئایا هەمان هەستت هەیە بڕوات بەوەهێناوە ئەوتوانایانەی ئەوهەیەتی هەوڵبدەیی لەگەڵی بۆگەیشتن بەویستەکانی یاخود وەک ئەوەی بڕوات بەخۆت هەیە هەمان بڕوات هەیە بەویش، جڵەوی کارەکانی خۆیبدەدەست خۆی با هەستی باوەڕ بەخۆبونی تێدا چەکەرە بکات.

***مامۆستا لەسنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر**

ڕوژین بەحسا پروژێن خوە دکت

ل دەمێ هاتنا گرۆپا تیروریا داعش ل سالا ٢٠٠٤ێ بو ناڤ سنورێن کوردستانێ، د ڤی دەمی دا ئەز هاریکاریا کچ و ژنێن ئێزدی بکم و نەخۆشیەک مەزن چێبوو بو من کو سێ پاسەوانێن من گیانێ خوە ژ دەست دان، مە پروژەیەک ئامادە کر بناڤێ hello new life، tomorrow ل باعەدرێ بو بیست کچان و خولێن کاری دەستی بوون.

هەروەسا مە ب ڕێکا سکایپ دان و ستاندن لگەل هندەک پسپورا دکر. مە دڤیا ئەم وانا ژ نەخوشییێن دەڕونی ڕزگار بکن، ب هاریکاریا حکومەتا ئەڵمانیا هژمارەکا مەزن ژ کچان ڕەوانەی ئەوڕوپا کرن. هەروەسا من دڤیا گروپەکا موزیکێ دامەزرینم ل شاریا.

پشتی مە ستران هەلبژارتین مە هنارتن بو ئیستانبولێ دا کو بهێتە دروستکرن، سترانەک ژ وانا گەلێری بوو، دبیت ژ بەری دوو تا سێ سەد ساڵ بیت، ب ناڤێ گەلیێ شنگالێ، تشتێ ل دەڤ من سەیر و نەخوش ئەو بوو هندەک کەسان دگوت ئەم نە کوردین، من دڤیا ب ڤێ چەندێ ئەز دەنگێ مە بگەهینم جیهانێ و ئەڤ کچە ببن ستێر د بوارێ هونەری دا، من دڤێت ئەز سوپاسیا ڤیان خانێ بکم سکرتێرا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ.

شەیما مستەفا

سەرکەوتنەکانی ئافرەتی کورد لە تاراوگە

> ئافرەتی کورد هە میشە ڕۆلی زۆر گە ورەی نواندوە و سە رکە وتنی بە دە ستهێناوە و بەردەوام هە نگاو دە نێت بەرەو پێشخستنی دۆزی ئافرت نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان بە ڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش لە ڕێگە ی ئافرەتەکانی دانیشتووی تاراوگەوە

میژ و و ی ڕەوەندی کوردی لە تاراوگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابوردوو کە کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەبەر هۆکاری سیاسی و زوڵم و زۆرداری حکومەتەکانی وڵاتەکانیان بە ناچاری زێدی باوو باپیرانی خۆیان جێهێشتوە و پەنایان بردۆتە هەندەران بە تایبە ت کیشوە ری ئەوروپا. لە دیاسپۆرا ژیانێکی تریان دەستپیکردوە ولە ناو کۆمەڵگە تازە کەیا جێگای خۆیان کردۆتەوە وە ک هە ر هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتانە لە رووی ئەرک و مافەوە بەردەوامیان بە ژیانداوە. لە همان کاتیشدا ڕەسەنایەتی کوردبوونی خۆیان پاراستوە و لە ناو ماڵ و لەگەڵ خێزاندا وە ک کوردێک ژیاون. ئێستاش نەوەکانیان هاووڵاتی ئەو وڵاتانەن وپێگەی کۆمەڵایەتی بە رزیان هەیە وژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار وئەندام پەرلەمانمان هەیە کە بە ڕەچەڵەک کوردن، جگە لە ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی سە رکە وتوو لە بوارە جیاجیاکندا کە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە سەرمایەیەکی مرۆیی ونەتەوەیی گەورەی کوردبوونە. لاوەکانی کورد بە گشتی شانازی بەرەچەڵەکی کوردبوونی خۆیان دەکەن وخۆشە ویستی و خەمخۆریان بۆ خاک و نیشتمانی کوردستان نیشان دەدەن.

لە م بابە تە دا تیشک دە خە ینە سە ر خاتونێکی لاو وە ک نمونە یە کی ئافرەتی کوردی کۆڵنەدەر کە لە بوارێکدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بە گشتی زیاترتایبەتە بە پیاوان وجاران کە م ئافرە ت هە بوو خۆی لە قە رە بدات ئە ویش پسپۆڕی نە شتە رگە ری دڵە (Cardiothoracic surgery). . دکتۆر ڤیان سیدو، خاتونێکی بە توانا لە ناوخێزانێکی کوردپەروەری عە فرینی ڕۆژئاوای کوردستان لە شاری ئاخنی ئە ڵمانیا چاوی بەژیان هەڵهێناوە. هە ر لە منداڵیەوە زیرەکی و چاپوکی تێدا دەردەکە ویت وقۆناغەکانی خویندنی بنەڕەتی و وئامادەیی بە سەرکەوتوویی دەبڕێت، بە شیوەیەک لەبەر زیرەکی لە پۆلی ١٠ وە یەکسە ر دە خریتە پۆلی ١٢ و بە بە رزترین نمرە قۆناغی شەشی ئامادە یی دەبڕێت وپاشان کۆلیجی پزیشکی لە زانکۆی شاری بۆنی ئە لمانیا تەواو دەکات و یەکسەر بواری پسپۆڕی پزیشکی نە شتەرگەری دڵ هە ڵدە بژێرێت ودە ستبەکار دەکات لە نەخۆشخانەی زانکۆیی شاریتی لە بە رلینی پایتە ختی ئە لمانیا.

شایانی باسە لە ناو پزیشکانی ئافرەت تە نانەت لە ڕۆژئاواش دەگمەن ئە م بوارە کاردەکە ن. وە ک خۆی باس دەکات ودەڵێت:"پیش چە ند سالێک کە چومە ناو پسپۆریەکە وە تاکە پزیشکی ئافرەت بووم لە کۆی هە موو پزیشکە کانی بە شەکە کە ژمارەیان زیاتر لە ١٠ پزیشک بوو، پێشوازیان لێکردم وپیانوتم ئە م بوارە بۆ ئافرەت زەحمەتە و زۆر هیلا ک دە بیت". لە وەڵامدا ئە میش پیان دە ڵێت کە لای ئاشکرایە کە بوارێکی قورسی هە ڵبژاردوە ورێگایەکی دوورو پر مە شەقەتە بەڵام ویستوو ئارە زوویەتی کە بە م کارەی زیاترخزمە تی مرۆڤایە تی بکات و بتوانیت زۆرترین کە س لە مردن رزگار بکات. بە عە ز م و ئیرادە یە کی بە هێز و کۆڵنە دە رییە وە شەوو ڕۆژ دەخاتە سە ر یەک و لە جیاتی سە ردان و گە ڕان و گە شتوگوزار، هە موو کاتەکانی بۆکارکردن لە هۆلی نە شتەرگە ری تەرخان دەکات وتا سە رکەوتن بە دە ست دێنێت و بروانامە ی پسپۆری بە دە ست دێنێت لە نە شتەرگەری دڵدا بە زمانی ئە ڵمانی (Facharzt Herzchirurgie)

بە م کارەی سە لماندی کە توانای ئافرەت لە پیاو کە مترنیە و هەرچە ند ڕێگا سەخت بێت بە ئیرادە ی بە هێزوهە هەوڵدان دەگەیت.

ئیستا دکتۆر ڤیان وە ک دکتۆری پسپۆر لە نە شتە ری دڵدا لە سە نتەری گەورەی دڵ لە هە رێمی برنداندورگ لە ئە لمانیا کاردەکات و ڕۆژانە چەندین نە شتەرگەری دڵ بە سەرکەوتوویی ئە نجام دەدات.جێگەی دڵخۆشیە، کە لە هەمانکاتیشدا سەرقالی تویژینەوە ی زانستییە لە بواری یە کسانی جێندەری لە توێژینەوەی زانستیە پزیشکیە کاندا (Gender in Medicine(GiM) . ئە م بوارە گرنگی ددات بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە بواری پزیشکیدا و بە مەبە ستی خۆپاراستن و پێشکە وتنی جۆری خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بۆ نمونە دەرکەوتوە تا ئێستا زۆربە ی تویژینەوە زانستیە کانی تایبەت بە جۆری نەخۆشیەکان و چۆنیەتی خۆپاراستن و زەرەرە لاوەکیەکانی (اعراچ جانبیە) زۆربەی دەرمان لەسەر پیاوان ئە نجامدراون و پیاوان زیاتر سودمەند دەبن لە خۆپاراستن لە نە خۆشی و بەکارهێنانی دەرمان وەک لە ئافرەت، لە م بوارە دا هەوڵ دەدەن توێژینەوەکان لەسەر ئافرەتیش بکرێت وداتاکان کۆبکرێنە وە تا لە دوا ڕۆژ ئافرەتیش وەک پیاو سودمەند بێت لە ئەنجامی تویژێنەوەکان و ڕێنماییان لەبەرردە ست بێت بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشی بیگومان مایەی شانازییە بۆ ئێمە ی ئافرەتی کورد کە کچە کوردێک لەپێشرەوی ئافرەتانی ئەکادیمی بێت لە جیهانی ڕۆژئاوادا. لە هەمان کاتدا کار بکات بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانی جێندە ری لە بواری زانستی پزیشکیدا بۆ خزمەتی ئافرەتانی جیهان، چونکە ئەنجامی هەرتویژینەوەیەکی زانستی لە جیهان بلاودەکرێتە وە وسودەکە ی بۆ گشت مرۆڤایە تی دە بێت.

شایانی باسە خاتوو دکتۆر ڤیان، شان بە شانی پسپۆری پزیشکی هەڵگری بیروباوەڕی نە تە وایە تی و مرۆڤایە تی و کوردایە تیە وە ک یە کێکە لە نەوەکانی کوردی لە دایکبووی هە ندەران کە بەهەستی نەتەوەیی گۆشکراوە و پەروەردە کراوە. یە کێکە لە ئە ندامانی کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە ئە ڵمانیا و لەگەڵ وە فدی کۆمە لە کە یان سە ردانی کوردستانی باشورو ڕۆژئاوای کردوە بۆ یارمە تیدانی پەنابەران وئاوارەکانی کەمپەکان. هەروەها لە ئەڵمانیاش چالاکانە بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوە وچالاکییە مەدەنییەکان دە کات ولە فرسەتێک دەگەڕێت کە دەنگی ئافرە ت ومندالی کورد لە ڕۆژئاوا بگەیەنیتە جیهان و کە گە لی کورد گە لێکی دیموکراسیخواز و ئاشتیخوازە و مافی خۆیەتی کە لەسەر خاکی خۆی بە ئازادی بژیت، چە ندین جار لە کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتوە کان لە سویسراو نیورۆک بەشداری کردوە و پەیامی ئافرە ت و منداڵانی ڕۆژئاوای گە یاندۆتە خاوەن بریارانی جیهان و ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پشتیوانی ئاوارە کانی کورد لە ڕۆژئاوا و باشکردنی دۆخی نالەباری ژیانی ئافرەەت ومنداڵی کورد لە و دەڤە رە و داوای کرد کۆمە ڵگای نێودەوڵەتی گرنگیان پێبدات و خزمەتگوزاری پزیشکی و خویندن و ژیانی ئارامیان بۆ دابین بکات.

ماوە بڵێین کە هۆکاری سەرکەوتنەکانی خاتوو ڤیان جگە لە هێزو توانای زۆری خۆی، دە گە ڕێتە وە بۆ پەروەردەی خێزانەکەی. وە ک باس دە کات هیچ کاتێک دایک و باوکی جیاوازیان نەکردوە لە نێوان ئەم و براکانی و وەک یەک مامەڵەیان کردوون، ئەمەش یارمەتیداوە کە باوەری بە خۆی بە هێزبێت وجیاوازی نەبینێت لە نێوان توانای ئافرەت و پیاودا. جگە لەمانەش دایکی هاندەری بوە بۆ پەرەپێیدان وپێشکەوتنی دەڵێت :" دایکم هەموو جارێک پێیدەوتم کە تۆ بە توانایت و سەردەکەوێت، هیچ شتیک نیە مەحال بیت، گرنگ ئەوەیە کۆڵنەدەیت و بەردەوام بێت تا سەربکەوێت و یارمەتی گەلی خۆشت بدەیت".

سڵاو لە دایکی دکتۆر ڤیان وگشت ئە و دایکە بە هێزانەی کە پەیامی پیرۆزی دایکایەتی وەک خۆی دەگەیەنن و پشتیوانی بە هێزی منداڵەکانیان دەبن تا بە ئامانج و پەروەردەیان دەکەن لەسەر خۆشەویستی نیشتمان و مرۆڤایە تی.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئافرەتی کورد هە میشە ڕۆلی زۆر گە ورەی نواندوە و سە رکە وتنی بە دە ستهێناوە و بەردەوام هە نگاو دە نێت بەرەو پێشخستنی دۆزی ئافرت نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان بە ڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش لە ڕێگە ی ئافرەتەکانی دانیشتووی تاراوگەوە.

سروە بەرزنجی

کی ژ پەروەردە و ڕەوشەنبیریا جڤاکی بەرپرسیارە؟

ڕەمەزان نصرالدین کیفلی

شەهلا ڕێکانی

کاوار نێروەیی

ڕەوشـــەنبیر کرن و پەروەردەکرنا جڤاکی دیارکرنا ئاستێ پێشکەفتنا هەر وەلاتەکی یە، هەر وەلاتەکێ ئاســتێ ڕەوشەنبیریا جڤاکـــێ وی وەلاتی لاواز ببـــت بێگومان کارتێکرنێ ل ئاســتێ پێشـــکەفتنێ ژی دکت، ڕەوشـــەنبیرکرنا جڤاکی ســـتوینێ ســـەرەکی یە بو پێشخستنا وی وەلاتی و ئەگەر ئاستێ ڕەوشەنبیریێ بلند بت دبتە ڕێکەک بو ناســـاندنا وەلاتـــی بو وەلاتێن دەوروبەر و تا ئاستێ جیهانێ ژی.

شـــەهلا ڕێکانـــی سەرپەرشـــتا لاپـــەرێ قانوون و جڤاک ل ڕوژناما ئەڤرو:

پەروەردە کرن ژ خێزانێ دەست پێ دکت، بـــو نموونە ئەگەر مە تاکەکێ ڕەوشـــەنبیر هەبت دێ مە خێزانەک ڕەوشەنبیر هەبت و ئەگەر خێزان نە ڕەوشەنبیر بت جڤاک ژی نە ڕەوشەنبیر دبت، هەر جڤاکەکی پیشکەفتن ب خوە ڤە دیتی تاکێ ڕەوشـــەنبیر هەیە، تاکێ ڕەوشەنبیر بنەمایێ وی جڤاکی بوویە و لـــەورا ژ بو هەبوونا جڤاکێ ڕەوســـەنبیر مـــە پێتڤی ب تـــاک و خێزانا ڕەوشـــەنبیر هەیە، جڤاکێ ڕەوشـــەنبیر پێتڤی ب تاکێ ڕەوشەنبیر هەیە هەروەسا پیتڤی ب خێزانا ڕەوشەنبیر هەیە.

ئەگەرێ هزاا نەتەوەیی و چوونا وەلاتیان بو دەرڤـــەی وەلاتی نەک ڕامانا وێ چەندێ یە کو حەز ژ وەلاتێ خوە ناکەن یان هەستا نەتەوەیـــی ل دەڤ وان نینـــە، بەلکی هەر جهەکێ تاکێ کـــورد بچیتێ ڤیانا وەلاتی د دلـــێ وی دایە و خەلک ل دویـــڤ ژیانەکا خوشتر و ئارامتر دچن و دڤێن ب سەردەمانە بژیـــن و ئەگەر ژ لایەکێ دی ڤە بەرێ خوە بدەینـــێ دێ بینین هـــەر جڤاکەکێ ٣ چین هەنـــە ئەو ژی دەولەمەند و ناڤنجی و هەژار بەلـــێ د جڤاکێ مە دا بتنـــێ دەولەمەند و هەژار یێن هەین، هەر جڤاکێ ناڤنجی نەبت ئەو جڤاکـــە بەرەڤ نەمانێ ڤە دچت، بەلێ سەرەڕای هەر تشتەکی دڤێت هزرا نەتوەیی و نیشـــتیمان پەروەریـــێ ل دەڤ زاروکێن خـــوە و تاکێن جڤاکێ خوە مەزن بکین، دا کو نفشـــێ داهاتی خوە ب خودانێن وەلاتی بزانن.

دەربارەی بەرپرســـیارەتیێ ژی بێگومان تاکێ مە هەســـت ب بەرپرسیارەتیێ ناکت، هەستا بەرپرسیاریێ یا کێم بووی ئەڤە ژی بـــو لاوازیا پەروەردا مـــە دزڤرت، خێزان و دەیک و باب نەشـــیاینە زاروکێن خوە فێری بەرپرســـیارەتیێ بکن ئەڤجا دچن زانکویێ ئەڤ زاروکێـــن نەهاتین پەروەردە کرن دێ چەوا شـــێت ڕولێ بەرپرسیارەتیێ وەرگرت بەرامبەر جڤاکـــی، ئەڤە ژی بو وێ چەندێ ڤەدگەڕت مە خێزانا ڕەوشەنبیر نینە د ناڤ جڤاکی دا و پێتڤیـــە قوتابخانە و خێزان و ڕێکخراوێن سـڤیل و ڕاگەهانـــدن بەرنامێن تایبەت هەبت و هەر دیســـان ماموســـتایێن ئاینێ ڕولێ خوە ببینن.

ڕەمـــەزان نصرالدیـــن کیفلـــی:

ڕەوشـــەنبیریەتا جڤاکی کومەکا بوهایانە ئەندامێن جڤاکی خو پێڤە گرێدن و کومەکا پەیوەندیانـــە دناڤبـــەرا وان دا ل ســـەر بنەمایەکێ مەعنەوی و مادی لەورا چ جڤاک نینن بێ ڕەوشـــەنبیری و چ ڕەوشـــەنبیری ژی نینـــن بێ جڤاک ئانکو پێکڤە گرێدانەک هەیە ب شێوەکێ وەکهەڤ. کو دیڤ چوونا وان بهایـــان دهێتە کرن و هەر جڤاکەکێ بو جڤاکێ دی جیاوازی هەیە و ئاستێن ژ ئێک جیاوازتر هەنە لەورا قوناغا بەرپرســـایەتی لڤێرە دەســـت پـــێ دکەت بەرپرســـایەتیا ڕەوشـــەنبیری ئەرکێ کێ یە باشـــە مادەم پێکڤـــە گرێدان هەیـــە دناڤبـــەرا ئەندامێن گڤاکی دا ئەڤە دبیتە ڕامانا هندێ کو هەمی بەرپرسیارن؟

ژبەر ڤێ چەندێ هەر تاکەک لگور پێگەهێ خو بەرپرسیارە ژ گەشەسەندا ڕەوشەنبیریا جڤاکی بەلام ئەڤـــە وێ ناگەهینت لایەنێن فەرمی بەرپرسیار نینن بەلێ مەرەم ژ لایەنێن فەرمی سیاســـەتێن گشـــتی یێن حکومەتێ نە کـــو دبێژنە سیاســـەتێن پەروەردەیی و ڕەوشەنبیری و زانستی وئەکادیمی .

ئەفلاگـــون دبێژیت مـــەرەم ژ پەروەردێ بلند کرنا تاک و جڤاکانە بو ئاســـتەکێ بلند ئانکو بهایەکێ پیروز دتە مروڤی لەورا هەر ڕەوشـــەنبیریا خزمەتا مروڤی نەکت ب کێر ناهیـــت .ل ڤێرە بومە دیار دبت کو ســـێ کوشەیەک پەروەدەیێ هەیە جڤاک قوتابخانە خێزان کو بنەمانە بو ڕەوشەنبیری وپەروەدێ و ئێک یا دی تمام دکەت لەورا ئەرکێ هەمی یانە و هەمی ژی بەرپرسیارن تایبەت دەستە بژێرا ڕەوشـــەنبیری وپەروەدەیێ یانژی ئەو دەستە بژێرا سیاســـەتێن گشتی دادرێژیت لڤێرە و ل ڤی ســـەردەمی ئەم نەشێن ڕولێ میدیایێ و زانکو و سوشیال مێدیایێ ئامارە پێ نەکن بەلکو ڕولەک کارا هەیە ل ســـەر دەمێگ گلوبالیزمێ دا ژبەر ڤێ چەندێ ئەف بەرپرسایەتیە هەڤپشکە تاکی نینە یانژی نە گرێدایێ ئێک دەزگایێ حکومەتێ یە و خالا هەرە گرنگ ڕولێ دەیکێ یە وەکو ماموستایا ئێکێ بو زاروکی کو دبنە بنەما بو ئاڤاکرنا جڤاکەک مودێرن.

کاوار نێروەیی، بەرپرســـێ مالا لاوان ل دهوکێ:

بێگومان، هەستا بەرپرسیاریەتێ دهەمی بیاڤ و بابەتان دا، گرێدایی کومەکا فاکتەر و ئەگەرانە...

بـــو نموونـــە ئەگەر بـــاس ل هەســـتا نیشتیمانپەروەریێ بکەین، بێگومان تاکێ مە تا ئاستەکێ باش، هەست و ڤیانا نەتەوەیی و بەرپرسیارەتی یا نیشتیمانی لدەڤ هەیە، قوناغا شەرێ تیرورســـتێن داعش باشترین نمونەیـــە، کو ب ١٠٠ لاوێـــن ڤی وەلاتی ب خو بەخشـــی گیانێ خو قوربانی ڤێ ئاخێ کریە، لێ پرســـیار ئەوە ل گورەیی ڤیانا مە و پێتڤی یا تیا مە وەکو قوناغا نوکەیا ئەم وەکو هەرێما کوردســـتانێ تێدا دەرباز دبین هەیە، ب هزرا بوچونا من نەخێر...

ڤـــێ چەندێ ژی وەکی مە لســـەر ئامارە پێکـــری کومـــەکا ئەگەرێن خـــو هەنە، وە کومەکا لایەنان ژێ بەرپرسیارن...

ئێک- نەبونـــا دادپەروەریێ دناڤا وەلاتی دا، د هەمی ســـێکتەرێن جـــودا جودا یێن ژیانێ دا.

دوو- نەبونا کەلتورێ پاداشت و سزادایی.

ســـێ- نەبونا سەروەریا یاســـایێ وەکو پێتڤی.

سەبارەت لایەنێن خەتابار و پەیوەندیدار بڤی بابەتی ڤە:-

ئێک- نەبونا سیســـتەمەکێ ڕێکخســـتیێ پەروەردەیی، کار لســـەر دروستکرنا ژێیاتیا نیشتیمانی و نەتەوەیی لدەف تاکی بکەت.

دوو- نەبوونا پەیامەکا ئێکگرتیا پارت و لایەنێن سیاســـی و نە دانە دیارکرنا هێلێن گشـــتی . ئەڤجـــا هەر پارتـــەک وەکو خو پێناسەیێ ددەتە هەســـت و ژێیاتیا نەتەوە و نیشتیمانی و ئەندامێ خو لسەر پەروەردە دکەتن.

ســـێ- فرە گوتاریا نە ڕێکخســـتی یا مینبەرا میدیایێ ل کوردستانێ و کارکرنا وان لسەر دروستکرنا ژێیاتی یا حزبی و زالکرنا وێ لسەر ژێ یاتیا نەتەوەیی.

چوار- هەبونا سوشـــیال میدیایەکا بێ سانســـور و تێدا ڤەککرنا پەنجەرو زاوییێن دونیا پێشـــکەفتی و سەرسام بونا لاوێ مە ب ژیانا موێرن و دروســـتبون و هزرکرنەکا دویر ژ ژیواری، ئەڤەژی دبیتە ئەگەرێ لاوازیا ژێیاتیا نەتەوەیی.

پێنـــج- لێک نێزیکنەبونا گوتارا میدیایی و حزبی و ئاینی ڤێ چەندێژی کاریگەریا لسەر نە دروستبونا هەویا گشتی یا نەتەوەیی دکەتن.

شەیما مستەفا

لەتاراوگەوە

فە زیلە شۆرش - هۆڵەندا

دووربوون لە هەر توندوتیژیەك جێگای شانازی و سەر بڵندیە

پێشـــکە وتن و بەرەوپێشـــچوون و ئازادی هەر کۆمەڵگەیەک بەستراوە بە بەرزبوونی رادەی فکری و دووربـــوون لە بیانوکانی ئاییـــن و کۆمەڵگەی دابونەریـــت، کۆمەڵگەیەکـــی ئـــازاد و دوور لە توندوتییژی پێویستی بە خۆ دوورکردنە لە لۆمە و لۆمەکاری و، نەکەوتنە ژێر بالی فالکامی و چە واشەیی ناحەزانی پێشکەوتن.

تێپەراندنـــی تەحەدیەکانی دوژمنی بیروباوەرە بوێرەکان لە ئـــازادی بە تایبەتی ئازادی ئافرەت ئاســـان نیە، بەڵام مەحاڵیش نیە، ئەوەی لەسەر تاک و کۆمەڵگایـــە، پەروەردەیەکـــی هاوچەرخ و ڕێزگرتـــن لـــە یەکتر لەروانگـــەی مرۆڤبوون و پێشلنەکردنی مافی یەکتر. هە ستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان و مرۆڤ بوونمان بەرپرسیارەتیە لە پاراستنی کەلتورە جوانەکانی نەتەوەمـــان و خەمخۆریمـــان بۆ نیشـــتیمان، لە هەمانکات پێویســـتە ئاگادار بیـــن لە فەرهەنگی نەتەوەکانـــی تر بـــە تایبەتی پێشـــکەوتووەکان لە بواری زانســـت و ڕۆناکبیـــری و مافی مرۆڤ و مافـــی ئافرەت بە تایبەت، بەمەرجێ یاســـای کوێریـــان بۆ نەکرێـــت، دەســـتەبەرکردنی مافی ئافرەت هاوتە ریبە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، دووربـــوون لـــە تووندووتیژی دژ بـــە ئافرەتیش هاوتەریبە لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافی ئافرەت، بێگومان دووربوون لەهەر تووندوتیژییەک جێگای شـــانازی و ســـەر بڵندیە بۆ هەر مرۆڤێک کاتێک کە دەستپێشـــخەری دەکات لە ڕۆشـــەنگەری و تێگەیانـــدن و پەروەردەکردنی نەوەیەکی دوور لە توندوتیژی.

له هێلینەوە

-" روبرتا میتسولا" ئافرەتێکی تەمەن ٤٣ ساڵ و خەڵکی "مالتا "،بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەورووپا هەڵبژێردرا، "روبرتا" لە تویتێکدا خۆی وەک ئافرەتێکی سەرکردەی گەنج و بەڵام بە ئەزمون ناساند،کە دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرو ئیجابی لەو پۆستە دا هەبێت و بە ئاسانی ئەو درزە سیاسیە خێرایەی لە ناو ئەورووپا دا هەیە چارەسەر بکات، "روبرتا " ماوەی ٢ساڵ و نیو لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە.

– "فرانسوا بتانکۆ" ئافرەتیکی تەمەن ٦٨ ساڵە و خەڵکی فەرەنسایە وەک دەوڵەمەندترین ئافرەتی جیهان دەستنیشانکرا، "فرانسوا" بازرگانە و دامەزرێنەری کۆمپانیای"ئۆروبال" ە کە تایبەتە بە کەلوپەلی جوانکاری و سەرمایەکەی بە ٧٤ ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت، "فرانسوا " هەروەها سەرۆکی ناوەندێکی چالاکە و تایبەتە بە کاروباری مرۆڤدۆستانە و لە بواری زانست و هونەر چالاکیی ئەنجام دەدات.

– لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەرکەوتووە، ئەو ئافرەتانەی لە کاتی دوگیانیدا لە بارووذۆخێکی کۆمەڵایەتی نەگەنجاودا دەژین مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشییە کانی دڵ و دەمار زیاترە بەراورد بەو ئافرەتانەی کە لە بارووذۆخێکی کۆمەڵایەتی گونجاودا دەژین. هەر لەو لێکۆلینەوەیەدا ئاماژە بە چەند هۆکار دەکات کە کاریگەری نەرینییان لە سەر بارووذۆخی ژیانی ئافرەتی دووگیان هەیە، کە نالەباری دۆخی ئابووری و نەخوێندەواری و شوێنی نیشتەجێبوون لەو هۆکارانەن.

– لە وڵاتی ئەفغانستان و لە چەند رۆژی رابردوو ژمارەیەک لە ئافرەتانی شاری کابولی پایتەحتی ئەفغانستان بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر بە پۆشینی جیجاب رژانە سەرشەقام و پێیان وایە ئەم جیجابە تایبەت بە کولتووری وڵاتەکەیان نییە، و نایانەوێت بە زۆرەملێ پەیرەوی بکەن، ئەو خۆپێشاندانە توندوتیژی لێکەوتەوە و بە گازی فرمێسک رێژ خۆپێشاندنەکەیان بڵاوەی پێکرا.

–" ئایان پریسلی" ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی شاری بۆستن لە ئەمەریکا دەڵێ: زۆر گرنگە پێش ئەوەی بیر بکەینەوە کە چۆن خانمان دەبنە کەسێکی سەرکەوتوو، بێین و بە تێر و تەسەلی قۆناغەکانی ژیانی کچانمان شی بکەینەوە و بە تەواوی شارەزای ئەو قۆناغە راگوازییە بین کە کچ تێیدا پەروەردە دەبێت، چونکە کچانی شەکەت و تێکشکاو خانمی تێکشکاویان لێ دەردەچێت". بۆیە پێویستە کچانی بەهێز پەروەردە بکەین تا خانمی سەرکەوتویان لێ دەربچێت، ئەمەش مانای هوشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

ئا:نەسرین حەسەن

"زۆرێک لە ئافرەتان بوون بە خاوەنی بزنسی خۆیان و ئابووریەکی سەربەخۆیان هەیە .کە ئەمەش بووە بە دەرفەتێکی باشی دروستبوون و پشت بەستن بە تواناو لێهاتووی خۆیان کە پێویستیان بە رەگەزی بەرامبەر کەمتر بێتەوە

گرنگی و سوودی سۆشیال میدیاو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئافرەتان لە بواری پێگەیاندنی توانا و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفیان

سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا وە کاریگەرییەکی فراوانی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

بۆ هەموو کەسێک دەرگایەکی کراوەیە، چونکە هەر کەسێک ئارەزوومەند بێت و پێویستی بێت دەتوانێت زۆر بە ئاسانی لە رێگەی ئەکاونتی خۆیەوە یاخود لاپەرە ئەلیکترۆنییەکان و سایتە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا بە گشتی سوودمەند بێت لە ئەپەکانی وەک (فەیس بوک و تویتەر و ئینستگرام و سناپ چات و تیلیگرام و واتس ئەپ و ڤایبەر و هتد) کە هاوکاری بەرێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کردوە وە هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی تایبەتمەندی خۆی سوود و زیانی لێ وەرگرتووە،هەموو ئەوزانیاریانەی کە دەیەوێت دەتوانێت بەدەستی بهێنێت یاخود زانیاری ببەخشێت.

گەر بە وردی سەیری بکەین، دەبینین هەر تاکێک بۆخۆی ئەکاونتێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەتوانێت چی بوێت وەری بگرێت و چی دەوێت بڵاو دەکاتەوە،بەپێی پێداویستی ڕۆژانەی خۆی دەتوانێت بەکاری بهێنن.

ئایا سۆشیاڵ میدیا کاریگەری هەبووە لەسەر خۆ پێگەیاندنی ئافرەتان لە بوارە جیاوازەکاندا ؟

لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین بێگومان کاریگەریەکی باشی هەبووە و پانتایەکی فراوانی گرتووە لە ژیانی ئافرەتاندا،چونکە بەشێکی زۆری ئافرەتان لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە توانیویانە خواست و ویستەکانیان بپێکن .

١- لە ڕووی پێگەیاندنی ئاستی مەعریفی:

بەشێک لە ئافرەتان بە مەبەستی زانست و وەرگرتنی زانیاری خۆ پێگەیاندن و فێربوونی زمان و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفیان سوودێکی باشیان لێی بینیوە،تەنانەت توانراوە لەڕێگای ئۆنلاینەوە بەشداربن لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزی ئەکادیمی بکەن کە بە شێوازی ئۆنلاین ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە و توانیویانە لە وولاتێکی تر بڕوانامە بەدەست بهێنن،جگە لەوە بتوانن هەر لە ڕێگای ئۆنلاینەوە بەشداری لە خولی پێگەیاندن بکەن و بەشداربن لە وۆرک شۆپ و سیمیناری زانستی،چونکە لەم کاتەدا گرنگیەکی زۆر بەم بوارە دەدرێت و چەندین تۆڕی فراوانی بەستنی وۆرک شۆپ و سیمینار پەرەی پێدراوەو دروست بووە.

٢- گرینگی سۆشیاڵ میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە پێگەیاندنی بواری ئابووری بۆ بوون بە خاوەن ئابووریەکی سەربەخۆ:

جگە لەم سوودە مەعریفیانەی باسمانکردن لە ڕووی ئابوورییەوە پاش دروستبوونی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بازاڕی ئۆنلاین لای بەشێک لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان جێگای سەرنج و خواستی هاوولاتیانەو، تا ڕادەیەک بازاڕە ئاساییەکانی گرتۆتەوە، هەرچەندە تا ئێستا سیستمی پارەدانی ئەلیکترۆنیش نیە، بەڵام بە کاش ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت.

ئافرەتان تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ دۆزینەوەی کار یاخود کارکردن لە بواری بازاڕی ئۆنلایندا،بۆ پەرەپێدانی ئاستی پیشەیی خۆیان و سوود وەرگرتن لەو توانایەی کە هەیانە .

ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت ببن بە خاوەن بزنسی سەربەخۆی خۆیان دەتوانن سەرەتا لە ڕێگەی کاری ئۆنلاین دەست پێبکەن پاشان کاروپیشەکە فراوان بکەن بۆ ناو بازارەکان و ببن بە خاوەن دووکان و جێگای سەربەخۆی، چونکە فرۆشتنی ئۆنلاین تەواو ئاسانە و لە هەمووشی گرنگتر پێویستت بە پارەیەکی زۆر نیە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەیت. حەزو خولیاکانی خۆت لە چیدا دەدۆزیەوە دەتوانی ئەم کارە هەڵبژێری، بۆ نموونە چەندین ئافرەتان بینیوە کاری (رستن و چنین دەکەن لە ماڵەوە،یاخود کاری گوڵفرۆشی دەکەن، یان کاری جومەلەی هێنانی کاڵا لە دەرەوە بە شیوازی ئۆنلاین،کاری شیرنی دروستکردن و نانکردن و دروستکردنی خواردنە جیاوازەکان وخواردنی کوردەواری)کە لە ڕیگای پەیج و ئەکاونتەکانیان بەرهەمەکانیان ساغ دەکەنەوە. یاخود گرنگی دان بەبواری تر کە حەزو خولیای خۆت تێدا دۆزیوەتەوە.

لە ئێستاشدا گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت لە لایەن ئافرەتانەوە، زۆرێک لە ئافرەتان بوون بە خاوەنی بزنسی خۆیان و ئابووریەکی سەربەخۆیان هەیە .کە ئەمەش بووە بە دەرفەتێکی باشی دروستبوون و پشت بەستن بە تواناو لێهاتووی خۆیان کە پێویستیان بە ڕەگەزی بەرامبەر کەمتر بێتەوە،

خاتوو فریشتە صابر لە شاری ڕانیە باسی کارەکەی خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێت :

سەرەتای کارەکەم بەشێوازی ئۆنلاین دەست پێکرد کە کاری (رستن و چنینە)سەرەتا لە ماڵەوە کارەکانم دەکرد، بەڵام پەیجێکم دروستکرد بۆ ساغکردنەوەی کارە دەستیەکانم دوای ئەوەی خواستێکی زۆر هەبوو لەسەر بەرهەمەکانم، بیرم لەوە کردەوە کارەکەم لە ماڵەوە بهێنمە دەرەوە و بۆ ئەوەی ئاسانتر و باشتر کارەکانم ئەنجام بدەم بە مەبەستی فراوانکردن و دەستکەوتی زیاتر کارەکەم فراوان کرد،لە ئێستادا خاوەن دووکانی خۆمم،بەڵام وازم لە کاری ئۆنلاینێش نە هێنا لە ئیشتاشدا کاری فرۆشتن ئەنجام دەدەم لە ڕێگای دووکان و ئۆنلاین .

داوا لە هەموو ئافرەتان دەکەم کە تواناو دەست و بازووی خۆیان بەکار بهێنن بۆ بە دەستهێنانی دەستکەوتی دارایی و بۆ بوون بە خاوەن ئابووریەکی سەربەخۆ.

ڕێژین قاسم محمود

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org